## نامەیەکی کراوە بۆ رایگشتیی

## سەبارەت بە مەرجدانانی (زمانی کوردیی) بۆ وەرگرتن لە خوێندنی باڵا

دوای ئەوەی لە ماوەی رابردودا، نوسەر و ئەکادیمیی (پ. ی. د. هێمن مەجید) لە رێگەی سۆشیاڵ میدیاوە پێشنیاریکرد: "پێویستە (زمانی کوردیی) بە پلەی (زۆر باش) بکرێتە مەرجی سەرەکیی وەرگرتنی خوازیارانی (خوێندنی باڵا)، لە کۆی کۆلێژ و بەشەکاندا، بە بێ جیاوازیی!"، ئێمەش وەک کۆمەڵێ دڵسۆزی (زمانی کوردیی) لە: (ئەکادیمیی، نوسەر، رۆژنامەنوس، رۆشنبیر و چالاکی مەدەنیی) لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوینە هاوڕا و پاڵپشتی پێشنیارەکەی بەڕێزیان و، بۆ ماوەی چەند رۆژێک لە سۆشیاڵ میدیا هەڵمەتێکمان لەوبارەیەوە وەڕێخست. ئێستاش، پێمان باشە لە هەنگاوێکی دیکەدا، کەمێک بابەتەکە وردتر بکەینەوە و، لەم نامە کراوەیەدا، هۆکار و ئامانجی پرۆژەکە و هەنگاوەکانی ئایندە رونبکەینەوە.

بەر لە هەر شت، دەبێ خۆمان لەو راستییە نەبوێرین، کە (زمان) یەکێکە لە ناسنامە سەرەکییەکانی هەر نەتەوەیەک و پایەیەکی گرنگی دروستکردن و لەسەرپێوەستانی دەوڵەتە. کەواتە گرنگیدان بەو رەگەزە جێبایەخە و پاراستن و گەشەپێدانی لە هەر کۆمەڵێکدا، وێڕای نیشانەی هۆشیاریی گشتیی، بەجێهێنانی ئەرکێکی نەتەوەیی، نیشتمانیی، ئاکاریی و ئەکادیمییە.

لەو سۆنگەیەشەوە و، لەکاتێکدا بە ئاشکرا دەبینین و هەستدەکەین، لێرەولەوێ، بە شێوازی جۆراوجۆر، بە بەرنامە کار بۆ پەراوێزخستن و بێنرخکردنی (زمانی کوردیی) دەکرێت، ئێمە بە ئەرکی سەر شانی خۆمان دەزانین بە توندی روبەڕوی ئەو هەوڵانە ببینەوە و، گێڕانەوەی رێز و شکۆ بۆ زمانەکەمان بکەینە شائامانجی ئەم قۆناغەمان.

لەم ئاستانەشدا، دەزانین کارەکەمان هەنگاوی جیاواز و فرەلایەنی گەرەکە، چونکە مەترسیی لاوازکردن و بێبەهاکردنی زمانەکەمان زۆر و هەمەجۆرن، بەڵام ئێمە لەم قۆناغەدا تەنها لەم چمکەی خوێندنی باڵاوە دەست پێدەکەین، بەو ئومێدەی ئەمە ببێتە دەستپێکێکی سەرکەوتو لەپێناو پاراستن و گەشەپێدانی.

بە دیاریکراوی، مەبەستمانە لە ناوەندەکانی خوێندنی باڵاماندا، (زمانی دایک) بکرێتە چەقی بایەخپێدانەکان و چیتر نەکرێتە قوربانیی نەزانی و خۆبەکەمزانین و پاساوی لاواز و ئامانجی ترسناک!

وەکچۆن، کاتێک جەخت لەسەر ئەو خاڵە گرنگە دەکەینەوە، بایەخدان بە زانینی زمانی تر بۆ ئەکادیمییان رەتناکەینەوە و بە پێویستی دەزانین و، نکۆڵی لە گرنگییەکەیشی ناکەین، بەڵام بە کارێکی نازانستی دەزانین کەوا ئەو گرنگیدانە لەسەر حسابی (زمانی کوردیی) بێت.

بۆیە، پێشمانوانیە جێبەجێکردنی وەها کارێک لە روی کردەییەوە سەخت بێت. دور ناڕۆین بۆ وڵاتانی ئەمەریکا و ئەوروپا، هەر بە روانینێک لە ئەزمونی وڵاتانی دەوروبەر بۆمان دەردەکەوێت، کە چەندە لە خەم و هەوڵی پاراستن و گەشەپێدانی زمانەکەیاندان. ئەوەتا (ئێران) تاقیکردنەوەیەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە لێهاتوییەکانی (زمانی فارسی) داناوە، (تورکیا) بە هەمانشێوە بۆ (زمانی تورکی). بە پێی زانیارییەکان لە (عیراق) هەوڵێکی لەوجۆرە هەیە سەبارەت بە (زمانی عەرەبی). هەروەک، ساڵی رابردو، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی عیراق بڕیارێکی لەوبارەیەوە دەرکرد و چەند لایەنێکی راسپارد بۆ ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەکی لەوشێوەیە و دواتر بەمەرجدانانی بۆ وەرگرتن لە خوێندنی باڵا (ماستەر، دکتۆرا).

کەواتە، ئێمەی کوردزمان، تاکەی شەرم لە بەکارهێنان، بایەخدان، پاراستن و گەشەپێدانی (زمانی دایک)ـمان بکەین؟!

تاکەی (زمانی کوردیی) نەکەینە زمانی رەسمیی پەروەردە، خوێندنی باڵا، راگەیاندن، سیاسەت، ئابوریی و بازاڕ و ... تاد؟!

ئاخر نەنگی و کارەساتێکی گەورەیە کورد بیت و مامۆستای زانکۆ بیت و (زمانی دایک)ەت باش نەبێت! یان نەتوانیت پێنج خولەک بە کوردییەکی ڕەوان بدوێیت، یاخود پێنج دێڕ بە دروستیی بنوسیت!

بێگومان، ئەمە هەوڵێک دەبێت بۆ ئەوەی لانیکەم بزانرێت ئاستی ئەو ئەکادیمییە لە چوار لێهاتوییەکەی زمان (گوێگرتن، قسەکردن، خوێندنەوە، نوسین)ـی کوردی چۆنە. بەڵام ئەمەش هەروا سانا نیە، هەوڵی لێبڕاوانەی هەمو کوردێکی دڵسۆزی دەوێت. ئیدی ئەمە پڕۆژەی هەموانە، چون لە بەرژەوەندیی گشتییدایە.

دەکرێ، ئەمە سەرەتای زۆر پڕۆژەی گەورە بێ لە هەمو کایە جیاوازەکان لەپێناو (زمانی کوردیی)دا.

دەکرێ بۆ ئاینده بکرێتە پرۆژەیاسایەکی دروست و پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکرێت بۆ گفتوگۆ و دەوڵەمەندکردن و دواتر پەسەندکردنی. یان ببێتە هەوێنی بڕیارگەلی پێویست لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێمەوە.

هەرچۆنێک بێ، دڵنیاین، خەمێکی گشتییە و، بەهەندوەرگرتنیشی سودی گشتیی و نەتەوەیی و نیشتمانیی لێدەکەوێتەوە.

**دڵسۆزانی زمانی کوردیی**

**ئابی ٢٠١٩**

**ناو/ پیشە یان پسپۆڕیی/ شوێنی نیشتەجێبون:**

----------------------------------------------------

١. پ. ی. د. هێرش ڕەسوڵ/ نوسەر و ئەکادیمیی/ سلێمانی

٢. ڕێبوار سیوەیلی/ نووسەر، ئەندام و سکرتێری ئەکادیمییای کوردی/ هەولێر

٣. شێرزاد حەسەن/ پەروەردەکار و نووسەر/ سلێمانی

٤. پ. د. عەبدولوەهاب خالید موسا/ پسپۆڕی زمان/ دهۆک

٥. د. ئەحمەدی مەلا/ نوسەر و ئەکادیمیی/ ئیسپانیا

٦. ئیسماعیل حەمەئەمین/ سەرنوسەری کولتور مەگەزین/ بریتانیا

٧. کامیار سابیر/ ئوستراليا

٨. ستران عەبدوڵڵا/ نوسەر و ڕۆژنامەنوس/ سلێمانی

٩. کازیوە قولەری_ئەنامقی/ دەروونناس/ دانمارک

١٠. مەریوان هەڵەبجەیی/ وەرگێڕ/ تاران

١١. پ. ی. د. شێرکۆ کرمانج/ زانکۆی شارقە/ ئیمارات

١٢. د. نەجاتی عەبدوڵڵا/ جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی/ هەولێر

١٣. م. هەردەوان مەحمود کاکەشێخ/ مامۆستای زانکۆ/ هەولێر

١٤. گۆران عەبدوڵڵا/ بەڕێوەبەری سایتی (دەنگەکان)/ کەنەدا

١٥. عەبدولڕەحمان بامەڕنی/ نوسەر و ڕۆژنامەنوس/ دهۆک

١٦. عارف قوربانی/ نوسەر و ڕۆژنامەنوس/ کەرکوک

١٧. د. زیرەک عەبدوڵڵا/ کۆمەڵناس/ ئەڵمانیا

١٨. رابەر رەشید/ نووسەر و ڕۆژنامەنووس/ کەرکوک

١٩. د. ڕێبوار کریم محمود/ پەرلەمانتاری عیراق

٢٠. تامان شاکر/ نوسەر و ڕۆژنامەنوس/ ئەڵمانیا

٢١. هاوڕێ باخەوان/ بەڕێوەبەری ڕێکخراوی کوردیپیدیا/ هۆڵەندا

٢٢. د. دڵشاد مستەفا/ سەرۆکی بەشی فیلمسازیی/ زانکۆی سلێمانی

٢٣. پ. ی. د. ابراهیم عبدالرحمن محمود/ پسپۆڕی زمان و ئەدەبی کوردی/ گەرمیان

٢٤. پ. ی. د. شێروان حوسێن/ مامۆستای زانکۆ/ ڕانیە

٢٥. د. دارا حمید محمد/ مامۆستای زانکۆ/ کەلار

٢٦. د. هیوا حمید شریف/ مامۆستای زانکۆ/ کۆیە

٢٧. پ. ی. د. یادگار رەسوڵ/ پسپۆڕی ئەدەبی کوردی/ سۆران

٢٨. موحسین ئەدیب/ پسپۆڕی یاسا/ هەڵەبجە

٢٩. پ.ی.د. ئومێد برزان برزو/ پسپۆڕی زمانی کوردی/ کەلار

٣٠. لەتیف فاتیح فەرەج/ نوسەر/ کەرکوک

٣١. دڵشاد خۆشناو/ ڕۆژنامەنوس و وەرگێڕ/ ئەڵمانیا

٣٢. عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی/ ڕەخنەگر و وەرگێڕ/ سلێمانی

٣٣. هەرێم عوسمان مەعروف/ ماستەری زمانی کوردیی/ سلێمانی

٣٤. گۆران عەلی کەریم/ وانەبێژ لە زانکۆ، شانۆکار و ڕۆژنامەنوس/ سلێمانی

٣٥. مستەفای سەید مینە/ مامۆستای زانکۆ/ سەنگەسەر

٣٦. ئارارات ئەحمەد/ نوسەر و فۆلکلۆریست/ سلێمانی

٣٧. کامەران سوبحان/ نووسەر/ سلێمانی

٣٨. فاروق هۆمەر/ چیرۆکنوس/ کەنەدا

٣٩. بورهان ئەمین/ ڕۆژنامەنوس/ ئەڵمانیا

٤٠. لوقمان حەوێز/ ئەندازیار/ تێکساس

٤١. دەشتی عەلی/ ڕۆژنامەنوس و توێژەر/ گەرمیان

٤٢. حوسێن ڕابی/ مامۆستای زانکۆ/ سلێمانی

٤٣. پ. د. صباح رشید قادر/ پسپۆڕی زمانی کوردیی/ هەولێر

٤٤. بەهمەن تاهیر نەریمان/ توێژەر لە دەستەی کوردستانی/ سلێمانی

٤٥. حەمەسەعید حەسەن/ نووسەر/ هەولێر

٤٦. د. عەلی زەڵمیی/ توێژەر، کۆمەڵناسیی/ بریتانیا

٤٧. شەفیقی حاجی خدر/ نوسەر و وەرگێر/ هەولێر

٤٨. سەرکەوت سەوادی/ ماستەری فەلسەفە/ ژاراوە

٤٩. ژاوێن شاڵی/ شاعیر و نوسەر/ ئەمەریکا

٥٠. پ. د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر/ سەرۆکی ئەنستیتوی پەی/ سلێمانی

٥١. پ. ی. د. مەغدید سەپان/ نووسەر و مامۆستای زانکۆ/ هەولێر

٥٢. هەرێم بەهادین بابەعەلی/ رۆژنامەنوس/ سلێمانی

٥٣. دانا رەئوف/ نوسەر و شانۆکار/ سوید

٥٤. لازۆ ئازاد/ شاعیر/ بریتانیا

٥٥. ئیبراهیم شەوقی/ وەرگێر و سەرۆکی ئەنجومەنی فەرهەنگیی پەیڤ/ سەقز

٥٦. کەژاڵ عەلی/ شاعیر و چالاکی ژنان/ سویسرا

٥٧. ئەنوەر رەوشەن/ سەرنوسەری گۆڤاری (هایا) و سەرۆکی ئەنجومەنی فەرهەنگیی مەریوان

٥٨. د. صالح ابراهیم احمد/ پسپۆری زمان/ قەڵادزێ

٥٩. بێستون عبدالکریم صدیق/ توێژەر/ گەرمیان

٦٠. ئەنوەر قادر رەشید/ نوسەر/ ئەڵمانیا

٦١. سدیق عەلی/ شاعیر و رۆژنامەنوس/ رانیە

٦٢. چۆلی فایەق/ نوسەر/ ئەڵمانیا

٦٣. کەمال رەئوف/ رۆژنامەنوس/ سلێمانی

٦٤. ئاریا یاسین عەبدوڵڵا/ مامۆستای زانکۆ/ گەرمیان

٦٥. سۆما نیازی حەمەعەزیز/ رۆژنامەنوس/ هەولێر

٦٦. مەریوان مەسعود/ نوسەر و رۆژنامەنوس/ سلێمانی

٦٧. رزگار فایەق/ رۆژنامەنوس/ سلێمانی

٦٨. سوهەیلا مێهەمی/ شاعیر/ سنە

٦٩. ئالان حەبیب/ رۆژنامەنوس/ هەولێر

٧٠. ئاسۆ جەبار/ نوسەر و لێکۆڵیار/ ئەمەریکا

٧١. ئاراس ئەمین/ رۆژنامەنوس/ رانیە

٧٢. دارا عەبدوڵڵا/ رۆژنامەنوس/ هەولێر

٧٣. پ. ی. د. پشکۆ حەمەتاهیر ئاغجەلەری/ مامۆستای زانکۆ/ سلێمانی

٧٤. بێستون عەبدولڕەحمان سابوراوایی/ پسپۆری ئابوری/ سلێمانی

٧٥. محەمەد حەمەباقی/ ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی/ هەولێر

٧٦. رەزا عەلیپور/ شاعیر و نوسەر/ سنە

٧٧. شوان کەریم/ شانۆکار/ ئەڵمانیا

٧٨. د. برایم مەلازادە/ توێژەر و مامۆستای زانکۆی سۆران

٧٩. مەهدی جاف/ شانۆکار/ سوید

٨٠. پ. د. سالار باسیرە/ پسپۆڕ لە زانستە سیاسییەکان/ ئەڵمانیا

٨١. روناک شوانی/ نوسەر و وەرگێر/ سوید

٨٢. محەمەد هەریریی/ نوسەر/ بریتانیا

٨٣. رەسوڵ سوڵتانی/ نوسەر و وەرگێر و شاعیر/ باشوری کوردستان

٨٤. یوسف حەمەڕەشید/ مامۆستا/ هەولێر

٨٥. محەمەد کوردۆ/ شاعیر/ سلێمانی

٨٦. هیوا ناسح/ رۆژنامەنوس و چالاک/ سویسرا

٨٧. رزگار حەمەرەئوف/ موزیسیان/ کەرکوک

٨٨. مەهدی جاف/ شانۆکار/ سوید

٨٩. سەحەر مۆعێزی/ شاعیر/ سنە

٩٠. ئەڤین عەزیز/ کردارناس و توێژەری بواری جێندەر/ سوید

٩١. شیوا میرەکی/ شاعیر و مامۆستای زمانی کوردیی/ قوروە

٩٢. کامیل عومەر/ مامۆستای زانکۆ/ سلێمانی

٩٣. نیازی حەمەعەزیز/ نوسەر و رۆژنامەنوس/ هەولێر

٩٤. خالید قادر/ چالاکی مەدەنی/ رانیە

٩٥. روبار سەنگەر ساڵح/ توێژەری کۆمەڵایەتی/ هەولێر

٩٦. جوانە سەڵاح/ خوێندکاری ماستەر/ سلێمانی

٩٧. رێبین کاکەمەم عومەر/ ی. توێژەر/ شەقڵاوە

٩٨. ئەحمەد تەها عەلی/ مامۆستای زانکۆ/ گەرمیان

٩٩. شیرین کافی/ چالاکی مەدەنی/ ئەڵمانیا

١٠٠. پەروین شێخی/ چیرۆکنوس و پەروەردەکار/ بۆکان

١٠١. ئاراس عوسمان محەمەد/ توێژەر/ گەرمیان

١٠٢. حومەیرا فەتحی/ ماستەر لە ئەدەبی فارسی/ دیواندەرە

١٠٣. هەڵمەت فایەق دەروێش/ مامۆستای زانکۆ/ گەرمیان

١٠٤. پ. د. یاسین سەردەشتی/ مامۆستای زانکۆ/ سلێمانی

١٠٥. گەشە دارا حەفید/ مافناس/ سلێمانی

١٠٦. کامەران محەمەد توفیق/ مامۆستای زانکۆ/ گەرمیان

١٠٧. ظاهر حمدامین صابر/ مامۆستای زانکۆ/ هەولێر

١٠٨. بەهمان تاهیر نەریمان/ نوسەر و توێژەر/ سلێمانی

١٠٩. خالید سلێمان/ رۆژنامەنوس/ کەنەدا

١١٠. زیاد نعمان محمود/ توێژەر/ گەرمیان

١١١. عادل علی سلام/ نوسەر و چاودێری سیاسیی/ سلێمانی

١١٢. د. دلێر احمد حمە/ مامۆستای زانکۆ/ هەولێر

١١٣. د. شێرکۆ جبار محمد/ مامۆستای زانکۆ/ سلێمانی

١١٤. کەماڵ شەنگالی (ئەمینی)/ نوسەر و شاعیر/ سنە

١١٥. پ. ی. محمد کریم أحمد (بابۆڵی)/ رۆژنامەنوس و ئەکادیمی/ سلێمانی

١١٦. گەشاو علی فرج/ توێژەر/ هەولێر

١١٧. سەردەشت حەمەساڵح/ نوسەر/ سلێمانی

١١٨. شێخە رەسوڵ شێخە/ مامۆستا/ چوارقوڕنە

١١٩. هەژار خوداداد حسن/ مامۆستای زانکۆ/ گەرمیان

١٢٠. رێبوار عوزێر/ مامۆستا/ رانیە

١٢١. سەربەست ساڵح قادر/ رۆژنامەنوس/ سلێمانی

١٢٢. حەمەی کەریمی/ شاعیر و نوسەر/ مەریوان

١٢٣. سامان ئەمجەدی/ ماستەری فەلسەفەی هونەر/ سنە

١٢٤. کەریم چۆلی/ رۆژنامەنوس/ باشوری کورستان

١٢٥. سوهام عەبدوڵڵا/ رۆژنامەنوس/ باشوری کوردستان

١٢٦. عادل حمەعارف مۆمن/ مامۆستای زانکۆ/ سلێمانی

١٢٧. بەکر ئاڵەیی/ شاعیر/ رانیە

١٢٨. یادگار عەلی محەمەد/ توێژەر/ گەرمیان

١٢٩. د. یاسین ئاشور جەوهەر/ پسپۆڕی زانستی سیاسیی/ زانکۆی گەرمیان

١٣٠. ئەحمەد ئیبراهیم ئەحمەد/ بەکالۆریۆسی عەرەبی/ بریتانیا

١٣١. سەردار حەسەن/ رۆژنامەنوس/ هەولێر

١٣٢. نەزیر عەلی/ رۆژنامەنوس/ دهۆک

١٣٣. سامان حوسێن/ رۆژنامەنوس/ هەولێر

١٣٤. کاروان نێروەیی/ رۆژنامەنوس/ دهۆک

١٣٥. میللەت عیسمەت/ توێژەر و ڕۆژنامەنوس/ دهۆک

١٣٦. ئارام قادر صابر/ مامۆستای زانکۆ/ ڕانیە

١٣٧. کەریم ئەحمەد عەزیز/ خوێندکاری دکتۆرا/ زانکۆی گەرمیان

١٣٨. هێمن عادل وەلی/ پسپۆڕی ئابووریی/ زانکۆی گەرمیان

١٣٩. عەدنان محمد صالح/ ماستەر لە یاسا، دادنووس/ ناحیەی ڕزگاری

١٤٠. هێمن نصرالدین محمد/ مامۆستای زانکۆ/ گەرمیان

١٤١. پ. ی. کاوە ڕەزا/ مامۆستای زانکۆ/ سلێمانی

١٤٢. ساڵح بێچار/ شاعیر و نوسەر/ سلێمانی

١٤٣. خالد حەمەغەریب عەبدولڕەحمان/ سلێمانی

١٤٤. لوقمان محەمەد شلانی/ ڕۆژنامەنوس/ سۆران

١٤٥. مەحمود نەجمەدین/ نوسەر/ سلێمانی

١٤٦. بەناز حەمەرشید/ مامۆستای زانکۆ/ سلێمانی

١٤٧. سارا قادر/ ڕۆژنامەنوس و مامۆستای زانکۆ/ سلێمانی

١٤٨. عەدنان سەید حسێن/ ڕۆژنامەنوس/ سلێمانی

١٤٩. هەوراز محەمەد/ توێژەری کۆمەڵایەتی و فیلمساز/ سلێمانی

١٥٠. بەکر شوانی/ ڕۆژهەڵاتناس/ ئەڵمانیا

١٥١. دانا عەسکەر/ نوسەر و وەرگێڕ/ کەرکوک

١٥٢. گرفتار کاکەیی/ نوسەر و کاریکاتێریست/ ئەڵمانیا

١٥٣. لەنجە ئومێد عەلی/ پارێزەر/ سلێمانی

١٥٤. محەمەد حوسێن شەریف/ مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردیی/ هەولێر

١٥٥. هاوار تەیب/ فێرخوازی زانکۆ- کوردیی/ شاعیر/ ڕانیە

١٥٦. شیرین کافی/ چالاکی مەدەنی/ ئەڵمانیا

١٥٧. ماریا پاکنهاد/ ڕۆژنامەنوس/ سنە

١٥٨. شاسۆ هێمن مەجید/ پسپۆڕی ئابووریی/ سلێمانی

١٥٩. سەربەست جیهاد/ ڕۆژنامەنوس/ ڕانیە

١٦٠. مەسعود زیلان/ ڕۆژنامەنوس/ سلێمانی

١٦١. پ. د. مارف عومەر گوڵ/ مامۆستای زانکۆ/ سلێمانی

١٦٢. جەوهەر ئەحمەد حوسێن/ مامۆستای زمانی کوردیی/ سەنگەسەر

١٦٣. شوان أحمد محمد/ ڕۆژنامەنوس/ ڕانیە

١٦٤. مەجید ساڵح/ نوسەر و وەرگێڕ/ سلێمانی

١٦٥. د. صابر حسن رسول/ مامۆستای زانکۆ، وەرگێران (ئینگلیزی ـ کوردیی)/ سلێمانی

١٦٦. د. کارزان محەمەد/ مامۆستای زانکۆ/ سلێمانی

١٦٧. ماجید خەلیل فەتاح/ مامۆستای زانکۆ، پسپۆڕی مێژوی نوێی کورد/ سلێمانی

١٦٨. د. حیلمی رەسوڵ رەزا/ پسپۆڕی مێژوی کۆن/ رانیە

١٦٩. هێمن مەحمود/ رۆژنامەنوس، بەکالۆریۆس لە ئابوریی/ دەربەندیخان

١٧٠. شیلان جەلال دەرگەڵەیی/ بەکالۆریۆسی زمان و ئەدەبی کوردیی/ بریتانیا

١٧١. عەتا کەریم/ نوسەر و رۆژنامەنوس/ سلێمانی

١٧٢. ناجی ئەفراسیاو/ وەرگێر، ماستەر لە بانک و ژمێریاریی/ سەیدسادق

١٧٣. د. سەلیم رەشید/ مامۆستای زانکۆ/ هەولێر

١٧٤. د. یەحیا عومەر رێشاویی/ مامۆستای میدیا/ سلێمانی

١٧٥. پ. ی. د. حبیب کەرکوکی/ ئەڵمانیا/ پەیمانگای بیرلتز

١٧٦. رێبین فەتاح/ بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسیی/ هەولێر

١٧٧. سامان عەزەدین سەعدون/ مامۆستای زانکۆ – پسپۆڕی ئەدەبی کوردی/ سلێمانی

١٧٨. مستەفا چوارتایی/ رۆژنامەنوس و نوسەر/ ئەڵمانیا

١٧٩. سەردار فەتاح ئەمین/ چالاکی مەدەنی/ هۆڵەندا

١٨٠. کاوە کافرۆشی/ خوێندکاری فیلمسازیی/ سلێمانی

١٨١. رێکار ئەحمەد/ سکرتێری حزبی رزگاریی/ هەولێر

١٨٢. زایەر عەبدوڵڵا/ هونەرمەند و نوسەر/ هەولێر

١٨٣. ئارش مێهرەبان/ خوێندکار/ زانکۆی کوردستان/ سنە